سەرۆک وەزیران سەرکایەتی کۆبوونەوەی تیمی هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە سەرکایەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی تیمی هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری کرد.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە،:-لە میانەی کۆبوونەوەکدا سودانی پەداچوونەوەی بە بارودۆخی پێژە جەبەجەکراوەکان و ڕێژەی تەواوکردن و پێشکەوتنیان کرد، هەروەها بەدواداچوونی بە ڕاسپاردەکانی پێشوو کرد کە تایبەتە بە ژمارەیەک پێژەی جەبەجەکراو لە بەغدای پایتەخت و پارێزگاکانی تر.
سودانی جەختی لەوە کردەوە کە تیمی هەوڵی خزمەتگوزاری و ئەندازیاری لە ئێستادا هەوڵەکی ڕوون و بەرچاو پێشکەش بە هاوڵاتیان دەکەن و جەختی لە گرنگی بەردەوامبوونی کارکردن بە هەمان خێرایی کردەوە، بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان.

سەرۆک وەزیران فەرمانی کرد تەواوکردنی پەداویستییەکان بە بەردەوامبوون لە جەبەجەکردنی پێژەی خزمەتگوزاری بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی قەنات جێش لە بەغدای پایتەخت تەواو بکەن بە ئەوەی خێرا بکە

لە تەواوکردن.

سودانی جەختی لەسەر پەیوستی داشتنی پلانی تایبەت بە پەژە خزمەتگوزارییەکان کردەوە و لەگەڵ ئەو پارەیدا گونجاو بێت کە لەبەردەستدایە و پەیوستە ئاماژە بکرێت بە پەژە گرنگەکان بەگوێرەی پەیوستی و گرنگی و ئاماژەی بۆش کرد کە بەوەبردنی دروست و سەلامەتی سامانی گشتی بەرپرسیارەتی هەمووانە.